Deutsches
Rotes
Kreuz

SUCHDIENST

لێکۆڵینەوەی جیهانی بۆ خزم و کەسەکان

# زانیاری لەسەر پاراستنی زانیاریەکان

**بە دوادا گەڕان. پێوەندی گرتن. یەک گرتنەوە**
خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتنی خاچی سووری ئاڵمانیا ( جی. ئار. سی. ترەیسینگ سێرویس) پشتیوانی دەکات لە ئەو خەڵکانەی کە لە بنەماڵەکەیان جیا بوونەتەوە بەهۆی شەڕی چەکداری، کارەساتی سرووشتی، هەڵاتن، گۆڕینی شوێن، یان سەفەر کردن. یارمەتی دەدات کە ئەندامانی خێزانەکەیان بدۆزنەوە، کە بە یەکەوە پێوەندی بگرنەوە، یان بە یەک بگەنەوە.

**بۆ ئیشەکەی خۆمان پێویستیمان بە کامان زانیاری هەیە؟**
بۆ شوێنپێ هەڵگرتنی کەسێک، جی ئار سی خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتن لەبابەت ئەم کەسە پێویستی بە هەر زانیاریەک هەیە. ئەم زانیاریانە بریتین لە ناو، ڕێکەوتی لەدایک بوون، زانیاری لەسەر سەرەتا و کۆچبەری. ئەو کەش و هەوایەی کە بۆتە هۆی دابڕان لە بنەماڵەش گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە. جگە لەمانە، جی. ئار. سی هەروەها خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتن پێویستی بە وردەکاری پێوەندی گرتنی ئەۆ کەسەی کە لێکۆڵینەوە دەکات هەیە و حەزیش دەکات بزانێت چ پەیوەندییێکی هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.
هەمووی ئەم زانیارانە (وەکوو وێنەکان) زانیاری تاکەکەسین کە ئێمە پێویستمانە بۆئەوەی بتوانین لە بەرژەوەادی شوێنپێ گرتن و کەسانێک کە شوێنپێیان هەڵگیراوە بدەین.

**لەپێناو چ ئامانجگەلێکدا ئێمە زانیاریەکان دەخەینە ناو پرۆسەوە؟**
خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتن لە زانیاریە تاکەکسیەکان کەڵگ وەردەگرێت بۆ گەڕان بەدوای کەسانی ونبوو، ڕوونکردنەوەی چارەنووس و یەکخستنەوەی خێزانەکان.

**ئایا زانیاریەکان دەدرێن بە لایەنی سێهەم؟**
زانیاریە کەسیەکان لای ئێمە زۆر بە متمانەوە سەیر دەکرێن. کاتێک شوێنپێی کەسێک هەڵدەگرین داواکاری نێودەوڵەتی شوێنپێ هەڵگرتنەکە دەنێرین بۆ خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتن ( ڕێکخراوەی جی ئارسی خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتن لەگەڵ کۆمیتەی نێو نەتەوەیی خاچی سوور(ئای سی ئار سی) و خاچی سوور و کۆمەڵی جووڵانەوەی سوور لە وڵاتانی تر). لە ئەو وڵاتانەی کە کەسی شوێنپێ هەڵگیراو گومانی لەسەرە، خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتن هەوڵ ئەدات لەبابەت شوێنی کەسی شوێنپێ هەڵگیراو زانیاری دەست کەوێت. لە چوارچێوەی ئەم کارە لەوانەیە پێویست بێت زانیاریەکانی کەسی بۆ دەزگاکانی تریش بنێرن بۆ نموونە:

- ڕێکخراوە حکوومەتیەکان (بۆ نموونە بەرپرسانی کۆچبەری، بەرپرسانی تۆمارکردن، بەندیخانەکان).
ڕێکخراوەگەلی جیهانی، (بۆ نموونە ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان، دەزگاکانی یارمەتی مرۆیی، ناوەندەکانی ڕاوێژکاری، ڕێکخراوەکانی
- خۆبەخشی کۆچبەران، کۆمەڵگە ئاینییەکان
-ئەکتەرەکانی تری نادەوڵەتی (بۆ نموونە دانیشتوانی شارۆچکە/گوند، پیرەکانی خێڵ، گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان)

هەروەها دەتوانرێت زانیارییە کەسییەکان، لەوانەش وێنەکان، بۆ مەبەستی بەدواداچوون بڵاوبکرێنەوە:
-بە شێوەی چاپکراو (بۆ نموونە لەسەر پۆستەر، لیست یان لە کتێبی وێنەییدا)
- ئاشکراکردنی دیجیتاڵی و زارەکی (بۆ نموونە گەڕانی ئۆنلاین بە وێنە لە www.tracetheface.org، پەخشی ڕادیۆیی، بڵاوکردنەوەی لیستەکان لە ئینتەرنێت یان ڕاگەیاندنی گشتی)

زانیاریەکان بەس لە حاڵەتێکدا لە گەڵ کەسانی تر هاوبەش دەکرێن کە بۆ مەبەستی شوێنپێ گرتن زەرووری بێت، و لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی ڕەزایەتی زەرووری بوون دا بێت، تۆ بۆت هەیە هێندێ وڵات، هێندێ کەس یان بڵاوکراوەکەی بڵاوکراوەی داتا کەسییەکان.

**هەتا کەی زانیاریەکان هەڵدەگرین؟**
ئەو زانیاریانەی کە بە ئێمەی دەسپێرن لەلای ئێمە هەڵدەگیرێن هەتا ماوەیەک کە پێویست بن بۆ هێنانەدی مەبەستکانی ڕەوتی زانیاریەکان.

**کام یەک لە یاساکان بۆ بەدەستەوەدانی زانیاریەکان بەکار دەبرێن؟**

هەمووی ئەو کەسانەی کە دێنە بەرباس مافی ئەوەیان هەیە زانیاریەکانیان بە پارێزراوی بمێنێتەوە. ئیشی خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتنی جی ئار سی لەڕێگەی مەرجەکانی جی ئار سی خزمەتگوزاری شوێنپێ هەڵگرتن یاسای پاراستنی زانیاریەکان (DRK-SDDSG) بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت. بێجگە لەمانە، کاتێ کە زانیاری کەسیەکان جێبەجێ دەکەین، ئێمە لە چوارچێوەی یاساکانی پاراستنی گشتی

Deutsches
Rotes
Kreuz

SUCHDIENST

زانیاریەکان ( جی دی پی ئار) و یاسای پاراستنی زانیاریەکانی فیدراڵ ئاڵمان (بی دی ئێس جی) لە کاتی بەدەستەوەدانی زانیاریەکانی ئێوە هەڵس و کەوت دەکەین. ئەگەر ئیشەکەی ئێمە بکاتە سەرمان بۆ جێبەجێ کردنی زانیاریەکانی ئێوە لە چوارچێوە تۆڕی نێودەوڵەتی خزمەتگۆزاری شوێنپێ هەڵگرتن، ئەو کەسانەی کە پێوە گلاون ڕەچاوی ڕەفتاری یاساگەلی پاراستنی زانیاری دەکەن. ئێمە دەمانەوێت دڵنیا بین کە زانیاریەکانی ئێوە بەباشی پارێزراوە لە سەرانسەری جیهاندا لە چوارچێوەی بزووتنەوەی خاچی سوور و مانگی سووردا.

**لەبابەت پاراستنی زانیاریە تاکەکەسیەکانی ئێوە مافەکانی ئێوە چین؟**

ئێوە مافی خۆتانە کە بە خۆڕایی دەستان بە زانیاریەکانی تاکەکەسی خۆتان کە لای ئێمە هەڵگیراون بگات. جگە لەمانە، مافی ئەوەشتان هەیە زانیاریە هەڵەکان کە لای ئێمە هەڵگیراون ڕاستە و پاستە کەن. ئەگەر حەز دەکەن چیترزانیاریەکانی ئێوە لای ئێمە هەڵنەگیرێن، دەتوانن لەمە ئاگادارمان کەنەوە.  ئێمەش ڕێگە خۆش دەکەین بۆ ئەوەی زانیاریەکانی ئێوە نەمێنن یان بەرگیر بکرێن.
ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی کە  پێشکەش کراوە بە خزمەتگۆزاری شوێنپێ هەڵگرتن جی ئار سی پێشکەش کراوە دەکرێ بەکۆ یان بەتاک لە هەر کاتێکدا پاشەکشێی لێبکرێت. تکایە ئاگادار بن ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی داتاکان ، کتێبی وێنەکان یان لیستەکانی سەرانسەری جیهان، بۆیان هەیە تەنیا بۆ لە بڵاوکردنەوەکانی داهاتوو لاچن. ، بەڵام ئەم ئیشە بۆ ئەو کۆپیانەی کە هەڵگیراون ناکرێن.
لابردنەکە دەبێ بە نووسین بە خزمەتگۆزاری شوێنپێ هەڵگرتن جی ئار سی لە مۆنیخ ڕابگەیەندرێت.
Chiemgaustraße 109, 81549 München, e-mail: tracing@drk-suchdienst.de
(یان بۆ سنتەری پەیۆەندی دار) ئەبێ ناوی لە سەر بێت.

**لەگەڵ کێ دەتوانن پێۆەندی بگرن ( دەزگای بەرپرس)؟**

ئەگەر لەبابەت خستنەناو پرۆسەی زانیاریەکان تان، یان ئیجرای مافەکانتان لەبابەت زانیاریەکان، ڕاست کردنەوەی هەڵەکان، نەهێشتن یان بەرگیری کردن هەر چەشنە پرسیارێکتان هەیە، دەتوانن لەگەڵ ناوەندی خزمەتگۆزاری شوێنپێ هەڵگرتن جی ئار سی کە پێوەندیتان پێوەگرتوە لەبابەت داخوازی یەک گرتنەوەی بنەماڵە لە پێوەندیدا بن.

(یان بۆ ناوەندی بەرپرس) ئاماژە بە نێوە بکەن.

مۆر یان ناۆ، ناۆنیشان و تەلەفوونی ناۆەندی یارمەتی دەر

ئەگەر نازانن پێوەندی بە کێیەۆە بگرن، دەتوانن پێوەندی بگرن بە دایرەی مەرکەزی خزمەتگۆزاری شوێنپێ هەڵگرتن جی ئار سی.
Deutsches Rotes Kreuz
Generalsekretariat
Team 22/Suchdienst-Leitstelle
Carstennstraße 58
12205 Berlin
تەلەفوون: +49 (0)30 / 8 54 04 -170

ئیمەیل: suchdienst@drk.de

هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە ئەفسەری پاراستنی زانیارییەکانی خزمەتگوزاری شوێنپێهەڵگرتنەوە بکەیت، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە پەیوەندی پێوە بکرێت لە: datenschutz-suchdienst@drk.de.